# ماڵئاوایی کردنی ساتیرنووسی گه وره ی جیهان ،
# ئه فرام کیشۆن

ئه رده لآن عه بدوللا
ئه لَمانیا

زۆر جار رێکه وت شتی گه وره و سه یری له جیهاندا خولقاندووه . هه ر به رێکه وت بوو که شتی یه وانێکی ئه وروپی توانی جیهانێکی تر بدۆزێته وه و ببێته گه وره ترین وولآتی جیهان.
هه ربه رێکه وت بوو کاتێک سێوێک به ربوویه وه ،به سه ر زانای گه وره ( ئیسحاق نیوتن) ، بیردۆزه ی مۆگناتیزی زه وی ( هێزی راکێشانی زه وی ) دۆزیه وه . به رێکه وتیش زۆرجار شتی خراپ دروست ده کات . هه ر له سیاسی خراپ تاده گاته بچووکترین کارمه ندی ده وله ت نووسه ری خراپ و شاعیری درۆزن و بازرگانی چاوچنۆک .
به لآم ئه م رێکه وته ی من ، ده توانم بلێم هه ر وه ک رێکه وته که ی کۆلۆمبۆس وابوو ، به رێکه وت رۆژێک له یه کێک له کتێبخانه گه وره کانی کانادا ، چاوم که وت به نووسه رێکی گه وره ی جیهان . چوومه ناو جیهانێک که زۆرله کیشوه ری ئه مه ریکا گه وره تر بوو بۆمن . ئاشنابووم به جیهانێکی ته واو گه وره و مه زن . ئه و جیهانه ش ناوی ( ئه فرام کیشۆن) بوو .
ئه فرام کیشۆن ، نووسه رو ساتیرنووسی گه وره ی جیهانی . که خه لکی وولآتی ئیسرائیله به یه کێک له باشترین و مه زنترین ساتیرنووسی جیهان ده ژمێرێت . کیشۆن که خاوه نی زیاتر له 50 کتێبه ، وه رگێراونه ته سه ر 37 زمانی جیهانی . ئه فرام کیشۆن ساتیره کانی له هه موو جیهاندا ناسراون و بلآوبوونه ته وه و ، به باشترین ساتیری سه ده ی بیسته م ده ژمێرێن کیشۆن خاوه نی به هێزترین و جوانترین شێوازی نووسینی ساتیر بوو . هه موو به رهه مه کانی پله یه کی به رزی ئه ده بیان هه یه . ئه مرۆ له جیهاندا کیشۆن به قوتابخانه یه ک داده نرێت بۆ هه موو ئه و که سانه ی که ده یانه وێت ساتیر بنووسن .
ئه فرام کیشۆن خۆی به ئه سڵ خه لکی سویسرایه ، به لآم زوربه ی ژیانی له ئیسرائیل بردۆته سه ر زیاتر خۆی به خه لکی ئه وێ زانیوه . جێی داخه دوێنی به نه خۆشی له ته مه نی 80 ساڵیدا بۆ دواجار ساتیری کۆتایی خۆی نووسی و جیهانی به جێهێشت .
مردنی کیشۆن له ناو هه موو جیهاندا ، به ناخۆشیه وه پێشوازی لێکرا ، به تایبه ت له نێو خه لکانی ئه ده ب دۆست و نووسه راندا .
جێی داخه ئیمه ی کورد هه تاوه کوو ئه مرۆش ته نها کتێبێکی ئه م مه زنه مان نه کردووه به کوردی . که ئه مه به که لێنێکی گه وره ی داده نێم له ناو کتێبخانه ی کوردیدا . له به ر ئه وه ی ئیسرائیلی بووه عه ره به کان به رهه مه کنیان وه رنه گێراوه ، ئیتر ئێمه ش هه تاوه کوو ئه مرۆش هه ر له ژێر کاریگه ری ئه وانین . کاکه مه م بۆتانی ده لێت ( یه کێک له و کێشانه ی که ئێمه ی نووسه ری کورده هه مانه ئه وه یه که که مان زمانی بێگانه ده زانین 1 ) .
ئه م کێشه یه هه تاوه کوو ئه مرۆ هه ر به رده وامه و .هێشتا ئێمه به مێشکی عه ره بی بیرده که ینه وه و ده خوێنینه وه .
هه ر وه ک چۆن له رۆمان و چیرۆک دا هه ژارین ، به هه مان شێوه ش له ساتیردا هه ژارین .
گه ر سه یری کتێبخانه ی کوردی بکه ین ، جگه له( رشته ی مرواریه که ی مامۆستا عه لادین سوجادی ، چه ند شیعرێکی به هێزی مامۆستاو شاعیری گه وره ی کورد قانعی مه زن ) ، شتێکی وامان نی یه به ساتیری دابنێین . راسته له م لاو له ولا چه ند هه ولێک دراوه ، به لآم که مه به رێز ( حه مه سه عید حه سه ن ) ، له کۆتایی هه شتاکان و سه ره تای نه وه ته کان چه ند به رهه مه یکی باشی بلآوکردنه وه ، به لآم ئه وانه ش که م بوون و زیاتر شتی سیاسی بوون .
ساتیر ده بێت هه موو بواره کانی ژیان بگرێت . ساتیر له رووی هونه ر و کاریگه ری گه ر له شیعرو رۆمان به هێزتر نه بێت ، که متر نیه .
جێی داخه لای ئێمه ساتیر زیاتر جنێو دان تێکه لآوی یه کدی بوون ، بگره زۆر که س هه یه خۆی به مامۆستای ساتیر داده نێت ، به لآم له راستیدا مامۆستای جنێوه . کاتێک سه یری زوربه ی ئه و ووتارانه ده که م ، که زۆر جار خاوه نه کانیان به ساتیری داده نێن ، به لآم له راستیدا هیچ په یوه ندیه کی به هونه ری ساتیرنووسینه وه نییه . ساتیر دووره له قسه ی ناشرین و بریندار که ر . گه ر سه یری به رهه مه کانی کیشۆن بکه یت ، هیچ ووشه یه ک یان رسته یه کی ناشرین و نابه جێ نادۆزیته وه . به رای من :
ساتیر و قسه ی خۆش وه ک ئاگرێک وان ، که زۆرجار ده توانیت له سارترین کاتدا مرۆڤی پێ گه رمبکه یته وه و له ره قبوونه وه رزگاری بکه یت ، به لآم له هه مانکاتدا ده بێت ووریاش بیت چونکه هه ر ئاگریشه ده بێته هۆی سوتاندن و له ناوچوون .
هیوادارم به م زوانه کتێبی ئه و نووسه ره مه زنه بکرێته کوردی ، تا خوێنه ری کورد که ڵکی لێوه رگرێت و ، تا خه ڵکانێکیش فێری ساتیر نووسین بن .

جارێکی تریش ماڵئاوا ، ئه ی پیاوه مه زنه که ی جیهان ئه ڤرام کیشۆن

---

1. کاکه مه م بۆ تانی . کاروبۆچونم له رێکخراوه ئه ده بیه کانا ، ئاینده . ژماره 5 ، کانوونی یه که می 1999.